**قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان**

**بیرمەندان و توێژەرانی بواری دانیشتوان پێیان وایە کە دانیشتوان لەهەر کۆمەڵگایەکی دا بە چەند قۆناغێکی گەشەدا تێپەڕ دەبێتلەم بوارەشدا چەندین تیۆر لەلایەن تویژەران ئاماژەیان بۆ کراوە دیارترینیان (تیۆری گۆرانی دیمۆگرافیە )( تظریة التغییر الدیموغرافي) یان بە (خولی دیموگرافی ) ( الدورە الدیموغرافیە)ناو زەندیان کردووە لایەنگرانی ئەم تیۆرە پییان وایە دانیشتوان لە هەر کۆمەلگایەك سەرەتا بە هێواشی و دوای ئەو وردە وردە دەداتە زیادی و تا دەگاتە لوتکەی بەرزی و دواتریش بە شێوەیەکی پلە بە پلە ( التدریجیە ) کەم دەکات تاوەکو دەگاتە حاڵەتی جێگیر بوونی ڕێژەیی (الاستقرار النسبی)دواتریش بەرەو کەم بوون دەچێت *لێرەدا باس لە گرینگترین قۆناغەکان دەکەین :***




**یەکەم/ قۆناغی جیگیر بوونی ریژەیی(گەشەی هیواش)**

هەندێك جار بە قۆناغی سەرەتای گەشە ناودەبرێت لەم قۆناغەدا تێکراکانی هەریەك لە دایك بوون و مردن بەرز دەبێت بۆیە ئەم قۆناغە بە گەشەی هێواش و ناریك پێك دەناسرێت ئەم شێوازە لە زیاد بوون لە زۆربەی کۆمەڵگا کشتوکاڵی و هۆزایەتی و دواکەتووەکاندا دەبینرێت دەکرێت بڵێین هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان بەم قۆناغەدا گوزەریان کردووە تاوەکو ئیستاش ئەم جۆرە گەشەیە لە هەندێك بەشی ناوەڕاستی ئەفریقیا و باشوری ڕۆژهەڵاتی

ئاسیا و هەندێك ولاَتانی ئەمریکای باشور بەر چاو دەکەوێت کە تیاندا تیکرای مردوان لە نیوان (٤٪ و٥٪) ئەمەجگە لەوەی کە زیاتر لە ٥٥٪ ی منداڵانیان دەمرن پیش ئەوەی تەمەنی (١٥) سال تەواو بکەن ئەمە جگە لە شەرو شۆری هۆزایەتی کە دەبیت بە مایەی لە ناوبردنی ژمارەیەکی زۆریان لە گەل بەرزی تیکراکانی لە دایك بوون بە بەرزی کە زیاترە لە تیکرای مردن هەر بۆیە ریژەی گەشەی سالانە لە (١٪) کەمترە

**دووەم/ قۆناغی گەشەی خێرا** : زۆر جار بە قۆناغی دیمۆگرافی لاو دەناسرێت کە بە گەشەیەکی زۆر خێرا دا تێدەپەڕێت لە ئەنجامی دابەزینی تێکڕاکانی مردن بە پلەیەکی زۆر خێراترلە تێکراکانی لەدایك بوون بە جۆرێك لەم قۆناغەدا تێکراکانی لە دایك بوون تاڕادەیەکی زۆر بەرزە لە ئەنجامی باش بوونی باری گوزەران و تەندروستی خەڵك کەدەبێتە هۆی بەرزی ڕێژەی زیاد بوونی سروشتی لەخاسیەتەکانی کۆمەلگای ئەم قۆناعە پیزی دانیشتوان بەرزە هەرەمی دانیشتوانیان لە بنکەدا فراونە چونکە تەمەنی بچووك لەم کۆمەڵگایانەدا ڕێژەیەکی بەرز لە نێو گروپەکانی تەمەن پێك دەهێنێت تیکراکانی مردن لەم قۆناغەدا لە نیوان (١ -٢,٥٪) هەرچی تیکراکانی لە دایك بوونە لە نیوان (٤٪-٥٪)بەم جۆرە ریژەی زیادبوونی سالانە لە (٢٪) زیاترە لە کاتی ئیستادا زۆربەی ولاَتانی تازە پێگەیشتوو لەم قۆناغەدان کەتیایاندا تێکرای گەشەی دانیشتوان لە سەرووی (٢٪) ی سالاَنەیە ئەم ڕێژەیە لە هەندێك ولاَت وەك میسر و هیند نزیکەی (٢,٢٪) و لە لوبنان و سعودیە و فنزویلا لە (٣,١٪) و لە سوریا و عێراق یەك بە دوای یەك (٣,٢٪) (٣,٤ ٪) بەرزی ڕێژەی گەشە لەم ولاَتاندا بۆ باش بوونی ئاستی بژێوی و پێشکەوتنی بواری تەندروستی دەگەڕێتەوە کە بووە مایەی کەم بوونی تیکراکانی مردن بە هۆی چارەسەر کردنی و بنەبڕکردنی نەخۆشی یەکان وێڕای زیاد بوونی هۆشیاری تەندورستی خەڵك و خۆپاراستنیان لە نەخۆشی یەکان لەگەڵ کەم بوونی تێکڕاکانی مردن لە نێو منداڵاَن .جیگای ئاماژەیە وولاتانی ئەوروپا لە ماوەی نیوان سەدەی ١٧ و تا ناوەراستی سەدەی ١٩ بەم قۆناغە گوزەریان کردووە .

سێیەم/ قۆناغی (انتقالی) گواستنەوەزۆر جار بە قۆناغی گەشەی دانیشتوانی دواکەوتوو( النمو المتاخر) دەناسرێت لە خاسیەتەکانی ئەم قۆناغە ڕێژەی لە دایك بوان لەگەڵ ئەوەی بە ئاراستەی کەم بوونە بەلاَم بە هۆی کەم بوونەوەی خێرایی ڕێژەی مردوان و لە دایك بووان تا ڕاددەیەك بەرزترە ئەو ولاَتانەی لەم قۆناغەن پییزیان مام ناوەندە و مردنیان تێدا کەمە ئاستی بژیوی بەرزە بە تەمەنەکان ریژەیەکی زۆر پیکدینن لە گەل دابەزینی ریژەی منداڵان لە کۆی دانیشتوان .تێکڕای لە دایك بوون لەم قۆناغە زیاتر لە ( ٢ ٪ ) وتێکڕای مردنیش نزیکەی (١ ٪) ڕێژەی گەشەی سالاَنە لەم قۆناغەدا لە ( ١ ٪ ) زیاترە ئەو کۆمەڵگایانەی لەم قۆناغەدان لە زۆربەی قارەکان هەن بە جۆرێك لە ئەوروپا ڕێژەی گەشەی لەهەر یەك لە ڕۆمانیا لە (١٪ ) و لەئیسپانیا (١,١ ٪ ) و لەئەمریکای باکوور لە کەنەدا(١,٨٪)لە ئەمریکای باشوور لە ئەرجنتین ( ١,٨٪) ولە ئاسیا لە یابان ( ١,٣٪ ) .

چوارەم/ گەشەی هیواش( النمو البگیو) زۆر جار بە قۆناغی گەشەی کەم کردوو دەناسرێت بە هۆی گەشەی نێگەتیڤەوە لەم قۆناغەدا گەشەی دانیشتوان دەگاتە حاڵەتی جێگیر بوونی ڕێژەیی بە جۆرێك تێکڕای گەشە لەم قۆناغە دا لە (١٪) کەمتر دەبێت ئەو ولاَتانەی لەم قۆناغەدان لە بەشێکی زۆری ولاَتانی ئەوروپا بەدی دەکرێت لە ئەنجامی زۆر بوونی هۆشیاری خەڵك و گرانی پەروەردەکردنی منداڵ لە دایك بوون کەم دەبێت ئەو ولاَتانەی لەم

قۆناغەدانە قوچەكی دانیشتوانیان لە ناوەڕاستی فراوانە دوای ئەوەش گروپی بچووك دێت ئینجا گروپی سێیەم دێت بەجۆرێك ڕێژەی گەشە لە بەریتانیا لە ( ٠,١ ٪ ) و لە ئەڵمانیا ( ٠,٢ ٪ ) و لە نەمسا ( ٠,٣ ٪ ) لە یەكتیی سۆڤیەتی پێشوو ( ٠.٩ ٪ ) ئەم كەم بوونە لە ڕێژەی گەشە پاڵی بەووڵاتانە ناوە كە هانی خەڵك بدەن بۆ ژنهێنان و لەدایك بوون و ێرای ئەوەی ئاسانكاری بۆ دیادەی كۆچ دەكەن بۆ ناوەوە وەك لەم ساڵانە دوایی لە دەوڵەتانی ئەسكەندەنافی دەبینرا .

گرنگترین رەخنەكانی لەم تیۆرە گیراوە

١- لە باسكردنیدا زۆر گشگیرە

٢- - پیشبینی ئەو گۆرانانە ناكات كە دوا بەدوای قۆناغی چوارەم روو دەدات

٣- - ماوەیەكی زەمەنی پێویست لە گواستنەوە لە قۆناغیكەوە بۆ قۆناغیكی تر دیاری ناكات

٤- - هۆكاری گۆرانە دیمۆگرافیەكان زۆر ئالۆزترە لە وەی كە لە نەزەریەكە هاتووە

٥- - هیچ مەرج نیە كە دەولەتانی تازە پیگەیشتوو بە هەمان شیوەی وولاتانی ئەورووپی ئەم قۆناغانە ببرن چونكە ئەو بارودۆخەی كە وولاتانی ئەورووپی هەیان بووە جیاوازە لە وولاتانی دواكەوتوو